


كتاب
أحكام العيدين
نووسيني :
لإمام أبي بكر جعفر بن محمد الفريابي
(٢٠٧ - ٣٠١هـ)



كتاب

أحكام العيدين



كتاب أحكام العيدين

نووسینی :

لإمام أبي بكر جعفر بن محمد الفريابي

(٢٠٧ - ٣٠١هـ)

باب : (١)

دەربارەی ئەوەی ڕیوایەتکراوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ

کەوا ناوی ناوە لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان بە دوو ڕۆژی جەژن

١ - لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رضي الله عنه : کەوا فەرموویەتی : خەڵکی مەدینە لە جاهیلیەت دوو ڕۆژیان هەبوو لە هەموو ساڵێك کە ئاهەنگیان تێدا دەگێڕا و یاریان دەکرد، جا کاتێك پێغەمبەر ﷺ هاتە مەدینە : فەرمووی : (دوو ڕۆژتان هەبوو لە هەموو ساڵێك کە یاریتان تێدا دەکرد، بەڵام الله عزَّوَجَل بۆی گۆڕیون بە باشتر لەوانە : ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان، وە جەژنی قوربان) .

٢ - وە لە عبداللهی کوڕی عەمری کوڕی عاص ـەوە رضي الله عنهما، کەوا پێغەمبەر ﷺ بە پیاوێکی فەرموو : (فەرمانم پێکراوە ڕۆژی قوربانی بکەم بە جەژن، الله گێڕاویەتی بە جەژن بۆ ئەو ئوممەتە) .

جا پیاوەکە ووتی : ئەی ئەگەر هیچم دەست نەکەوت جگە لە منیحە کوڕەکەم ، قوربانی پێبکەم؟

فەرمووی : (نەخێر، بەڵام لە مووت دەگریت [سەرت دەتاشی والله اعلم]، وە نینۆکەکانت دەکەی، وە بەرت دەتاشی، وە سمێڵت کورت دەکەیەوە، ئائەوە تەواوی قوربانییەکەتە) .

٣ - وە لە عبداللهی کوڕی عمرەوە رضي الله عنهما : (کەوا پێغەمبەر ﷺ و أبو بكر و عمر نوێژی دوو جەژنەکەیان دەکرد لە پێش ووتاردان) .

٤ - وە لە عبد اللهی کوڕی عباسەوە رضي الله عنهما : (کەوا پێغەمبەر ﷺ نوێژی جەژنی بۆ کردن لەلای ماڵی کثیری کوڕی الصلت) .

٥ - وە لە جابرەوە رضي الله عنه فەرمووی : (پێغەمبەرم ﷺ بینی لە ڕۆژی جەژن جا دەستی کرد بە نوێژ پێش ووتاردان) .

٦ - وە لە عبد اللهی کوڕی عباسەوە رضي الله عنهما فەرمووی : (ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ، وە لەگەڵ أبو بكر و عمر رضي الله عنهما جا دەستیان دەکرد بە نوێژ پێش ووتاردان) .

٧ - وه له ابي عبيدهوه مهولاى عبد الرحمن كوڕى عوف، وفهرمووى : (ئامادهبووم لهگهڵ عمر رضي الله عنه له ڕۆژى جهژنى قورباندا جا دهستى كرد به نوێژ پێش ووتاردان، پاشان فهرمووى : بيستم رسول الله ﷺ : (ڕێگرى دهكرد له بهڕۆژوو بوونى ئهو دوو ڕۆژه، ئهمما ڕۆژى جهژنى ڕهمهزان، ئهوا ڕۆژوو شكاندنتانه له ڕۆژووهكانتان وه جهژنيشه بۆ مسوڵمانان) .

عبد الرحمن ى كوڕى عوف فهرمووى : (پاشان ئامادهبووم لهگهڵ عثمان رضي الله عنه له نوێژى جهژنى ڕهمهزان له ڕۆژى جومعهدا دهستى كرد به نوێژ پێش ووتاردان، جا فهرمووى : بهڕاستى ئهو دوو جهژنه كۆبوونهتهوه له يهك ڕۆژدا) .

٨ - وه له ابي عبيدهوه ووتى : (ئامادهى جهژن بووم لهگهڵ عثمانى كوڕى عفان رضي الله عنه جا دهستى كرد به نوێژ پێش ووتاردان، وه فهرمووى : بهڕاستى ئهوه ڕۆژێكه دوو جهژن تێيدا كۆبووهتهوه جا ئهوهى لێره له خهڵكى عواليه مۆڵهتى ههيه، وه ئهوهى پێى خۆشه بمێنێتهوه با بمێنێتهوه) .

: (ئهوه ڕۆژێكه دوو جهژن تێيدا كۆبووهتهوه) واته ههم ڕۆژى جومعهيه، وه ههم جهژنى ڕهمهزانه يان قوربان .

وه (ئەوەی لێرە لە خەڵکی عوالیە مۆڵەتی هەیە) و اتە ئەوەی خەڵکی شوێنێکی دوورە ئەوە مۆڵەتی هەیە تەنها نوێژی جەژنەکە بە کۆمەڵ بکات و دو اتر بڕو اتەوە بۆ ماڵ و ئامادەی وتارەکە نەبێت، والله أعلم .

٩ - وە لە حسن ـەوە رحمە الله وتی : (دوو جەژن کۆبوویەوە لەسەردەمی خەلافەتی ئیمامی علي رضي الله عنە، جا نوێژێکیانی کرد و ئەوی تری نەکرد) .

: و اتە نوێژێکی بە جەماعەت کرد لە مزگەوت، وە ئەوەی تریانی بە جەماعەت نەکرد، لەوکاتەدا تەنها لە یەک مزگەوتی گەورە نوێژی جومعە و جەژن کراوە، ئەبوو ایە خەڵکی لە هەموو شوێنێکی شارەکەوە ڕوویان بکردایەتە ئەو مزگەوتە، جا قورسە لەسەر خەڵکی لە ڕۆژێکدا کە هەم جەژن و هەم جومعەیە دووجار بڕۆنە مزگەوت و بگەڕێنەوە بۆ ماڵ، والله أعلم .

١٠ - وە لە عبد اللهی کوڕی سائیب ـەوە رضي الله عنە ووتی : ئامادەی جەژن بووم لەگەڵ رسول الله ﷺ جا نوێژی جەژنی بۆ کردین، پاشان فەرمووی : (بێگومان نوێژەکەمان کرد، جا ئەوەی پێی خۆشە دابنیشێت بۆ ووتارەکە با دابنیشێت وە ئەوەی پێی خۆشە بڕوات با بڕوات) .

١١ - وه لـه عقبـهى كـوڕى عـامرى جوهـهنيهوه رضي الله عنـه ووتـى : رسـول الله ﷺ فـهرمووى : (بهڕاستى ڕۆژى عـهرهفه، وه ڕۆژى جهژنى قـوربان، وه ئـهيام التشريق [ڕۆژى دووهم و سێيهم و چوارهمى جهژنى قوربان] جهژنى ئێمـهيه ئـههلى ئيسلام، وه ئهوه ڕۆژى خواردن و خواردنهوهيه) .

١٢ - وه لـه عقبـهى كـوڕى عـامرهوه رضي الله عنـه ووتـى : رسـول الله ﷺ فـهرمووى : (بهڕاستى ڕۆژى عـهرهفه، وه ڕۆژى جهژنى قـوربان، وه ئـهيام التشريق [ڕۆژى دووهم و سێيهم و چوارهمى جهژنى قوربان] جهژنى ئێمهيه ئههلى ئيسلام، وه ئهوه ڕۆژى خواردن و خواردنهوهيه) .

باب : (٢)

دەربارەی ئەوەی ڕیوایەتکراوە لەبارەی خۆشۆردن بۆ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان

١٣ - لە نافعەوە، کە وا : (عبد الله ی کوڕی عمر رضي الله عنهما ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان خۆی دەشۆرد پێش ئەوەی بچێت بۆ مزگەوت) .

١٤ - لە نافعەوە کە وا (عبد اللهەی کوڕی عمر رضي الله عنهما خۆی دەشۆرد بۆ دوو جەژنەکە، وە دەردەچوو بۆ مزگەوت پێش ئەوەی خواردن بخوات) .

١٥ - لە جعدی کوڕی عبد الرحمن ەوە ووتی : (سائبی کوڕی یزیدم بینی خۆی دەشۆرد پێش ئەوەی دەربچێت بۆ نوێژگە) .

١٦ - لە نافعەوە کە وا (عبد اللهەی کوڕی عمر رضي الله عنهما خۆی دەشۆرد و بۆنی خۆشی لەخۆی دەدا ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان) .

١٧ - له سعيدی كوڕی المسيب ەوه رحمه الله كه وا دەڵێت : (سوننەتی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان سێ شتە : ڕۆیشتن بۆ نوێژگە، وە خواردن پێش دەرچوون، وە خۆشۆردن) .

بابی : (٣)

دەربارەی ئەوەی ڕیوایەتکراوە لەبارەی خواردنی شتێك پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان

١٨ - لە سعیدی کوڕی المسیب ـەوە رحمه الله ووتی : (مسوڵمانان خواردنیان دەخوارد لە پێش نوێژی جەژنی ڕەمەزان، وە ئاوایان نەدەکرد لە ڕۆژی جەژنی قوربان) .

١٩ - وە لە سعیدی کوڕی المسیب ـەوە رحمه الله ووتی : (دەرمەچن بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان هەتاوەکو شتێك دەخۆن، وە ڕۆژی جەژنی قوربان خواردن مەخۆن هەتاوەکو قوربانیەکانتان سەردەبڕن) .

٢٠ - وە لە نافعەوە کە وا (عبد اللهی کوڕی عمر رضي الله عنهما نەیدەخوارد و نەیدەخواردەوە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان هەتاوەکو دەردەچوو بۆ نوێژگە وە واجب نییە لەسەر خەڵکی) .

٢١ - وه له هیشامی كوڕی عوروه ـوه رحمهما الله، له باوكیەوه كه وا (خواردنی دەخوارد له ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان پێش ئەوەی دەرچێت) .

٢٢ - وه له سەعیدی كوڕی المسیب ـەوه رحمه الله ووتی : (كه وا خەڵكی فەرمانیان پێدەكرا به خواردن پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان) .

٢٣ - وه له ئیمامی مالیك ـەوه رحمه الله ووتی : (خەڵكی فەرمانیان پێدەكرا بەوەی خواردن بخۆن پێش ئەوەی دەربچن بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان، وه لەسەر ئەوه گەیشتم به خەڵكی) .

بابی : (٤)

دەربارەی ئەوەی ڕیوایەتکراوە کە وا لە سوننەتە بە پێ ڕۆشتن بۆ نوێژی دوو جەژنەکە

٢٤ - وە لە سەعیدی کوڕی المسیب ـەوە رحمه الله کەوا ووتی : (سوننەتی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان سێ شتە : ڕۆیشتن بۆ نوێژگە، وە خواردن پێش دەرچوون، وە خۆشۆردن) .

٢٥ - وە لە الزوهري ـەوە رحمه الله ووتی : (کەوا رسول الله ﷺ سواری هیچ ئاژەڵێك نەدەبوو بۆ شوێنکەوتنی جەنازە، وە نە لە دەرچوونی بۆ نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان) .

بابی : (٥)

دەربارەی کاتی دەرچوون بۆ دوو جەژنەکە

٢٦ - لە محمدی کوڕی زیادەوە ووتی : (أبا أُمامة باهليم رضي الله عنه بینی وە پیاوانێك لە هاوەڵانی رسول الله ﷺ ئەگەر نوێژی بەیانیان کردبا لە دوو جەژنەکە بە جەماعەت و ئیمام سەلامی بداباوە، پەلەیان دەکرد لە دەرچوون بۆ ئەوەی دابنیشن لە نزیك مینبەرەکە) .

٢٧ - وە لە یزیدی کوڕی ئەبو عبیدەوە ووتی : (نوێژی بەیانیم کرد لەگەڵ سَلَمة بن أكوع رضي الله عنه لە مزگەوتی رسول الله ﷺ، پاشان دەرچوو و منیش دەرچووم لەگەڵی هەتاوەکو گەیشتینە نوێژگە جا دانیشت منیش دانیشتم لەگەڵی هەتاوەکو ئیمام هات) .

٢٨ - وە لە مالیك ـەوە پێی گەیشتووە کە وا (سعیدی کوڕی المسیب دەردەچوو بۆ نوێژگە دوای ئەوەی نوێژی بەیانی دەکرد) .

٢٩ - وە لە ئیمامی مالیك ـەوە ووتی : (سوونەت وا ڕۆیشتووە لای ئێمە لەكاتی نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان كەوا ئیمام دەردەچێت لە ماڵەكەی بە ئەندازەی ئەوەی دەگاتە نوێژگە و كاتی نوێژەكە هاتووە) .

: نوێژی جەژن كاتێك دەست پێدەكات كە ڕۆژ بە ئەندازەی ڕمێك بەرز ببێتەوە جا ئەوكاتە سوننەتە ئیمام لە ماڵەكەی بێتە دەرەوە بۆ نوێژگە، وە نوێژگە (المصلى) ئەو شوێنەیە كە سوننەتە هەموو موسوڵمانان لە دەرەوەی شار تێیدا كۆببنەوە و نوێژ بكەن پێكەوە .

٣٠ - وە لە لیث ـەوە ووتی : (پرسیار كرا لە ڕەبیعە لەبارەی كاتی نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان، ڕەبیعە ووتی : ئەگەر ڕۆژ هەڵات ئەوا پەلەكردن تێیاندا باشترە لە دواخستنیان) .

٣١ - وە لە زوهرییەوە ووتی : (ئەوان **[هاوەڵان و تابیعین]** نوێژی دوو جەژنەكەیان دوادەخست هەتاوەكو ڕۆژ هەڵدەهات بە تەواوی) .

٣٢ - وە لە یزیدی كوڕی ئەبو عبیدەوە ووتی : (دەرچووم بۆ ئەوەی هاوەڵیەتی سَلَمة بن أكوع بكەم رضي الله عنه لە ڕۆژی جەژن جا ئامادەی

نوێژی بەیانی بوو لەگەڵ ئیمام لە مزگەوتی رسول الله ﷺ، پاشان دەرچووین بۆ نوێژگە) .

٢٢ - وە لە یزیدی کوڕی خمیری الرحبيِّ کەوا (عبد اللهی کوڕی بسر رضي الله عنه دەرچوو لەگەڵ خەڵکی لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان یان قوربان، جا ئینکاری هێواشی و لەسەرخۆیی ئیمامی کرد و فەرمووی : ئێمە لێدەبووینەوە لە نوێژەکەمان لەو کاتەی ئێستاماندا، وە ئەوکاتە کاتی تەسبیحات بوو) .

بابی : (٦)

دەربارەی ئەو کەسەی تەکبیرات دەکات لە ڕۆژی جەژندا کاتێك دەردەچێ بۆ نوێژگە لە ڕێگادا، وە کاتێ بە ئیمام دەگات

٣٤ - وە لە ئیمامی عمری کوڕی عبد العزیز ەوە ووتی : (کە وا تەکبیراتی دەکرد بە دەرچوونی بۆ ووتار و نوێژ تاوەکو نوێژ دەکات لە پێش هەردووکیانەوە) .

بابی : (٧)

دەربارەی ئەوەی تەکبیرات دەکات لە ڕۆژی جەژن ئەگەر دەرچێت بۆ نوێژگە لە ڕێگادا، وە کاتێ بە ئیمام دەگات

٣٥ - لە نافع ەوە، لە عبد اللهی کوڕی عمر ەوە رضي الله عنهما کەوا (ئەو تەکبیراتی دەکرد ئەگەر دەرچووبا بۆ نوێژگە لە ڕۆژی جەژندا) .

٣٦ - لە عبد العزیزی کوڕی یحیی ەوە ووتی : (پرسیارم کرد لە عبد الله ی کوڕی نافع، مالیك چۆن تەکبیراتی دەکرد؟

ووتی : مالیك تەکبیراتی دەکرد کاتێك بهاتبا بۆ نوێژگە هەتاوەکو ئیمام دەهات) .

٣٧ - وە لە ولید ەوە ووتی : (پرسیارم کرد لە ئیمامی ئەوزاعی و مالیکی کوڕی ئەنەس لە تەکبیرات کردن بە ئاشکرا لە دوو جەژنەکە، ووتیان : بەڵێ، عبداللهی کوڕی عمر تەکبیراتی بە دەنگی بەرز دەکرد هەتاوەکو ئیمام دەردەچوو بۆ نوێژ) .

٣٨ - وه له زوهری ـهوه ووتی : (تهكبيرات به دهنگی بهرز بكهن له ڕۆژی جهژنی ڕهمهزاندا، چونكه ڕۆژی تهكبيراته) .

٣٩ - له نافع ـهوه، له عبد اللهی كوڕی عمر ـهوه رضي الله عنهما، ووتی : (دهردهچوو له ڕۆژی جهژنی ڕهمهزان بۆ نوێژگه جا تهكبيراتی دهكرد بهدهنگی بهرز ههتاوهكو ئيمام دههات) .

٤٠ - وه له نافع ـهوه ووتی : (عبد اللهی كوڕی عمر رضي الله عنهما زهكاتی سهرفيترهی دهردهكرد پێش ئهوهی بچێت بۆ نوێژگه، وه تهكبيراتی دهكرد به ئاشكرا پێش ئهوهی بچێته ناو نوێژگه، وه له نوێژگهش تهكبيراتی دهكرد ههتاوهكو ئيمام دههات بۆ نوێژگه، وه نوێژی نهدهكرد نه له پێشی نوێژی جهژنهكانهوه نه له دوايانهوه) .

٤١ - وه له نافعهوه كهوا عبد اللهی كوڕی عمر رضي الله عنهما : (دهردهچوو له مزگهوتهوه بۆ نوێژی دوو جهژنهكه جا تهكبيراتی دهكرد ههتاوهكو دهگهيشته نوێژگه وه تهكبيراتی دهكرد ههتاوهكو ئيمام دههات) .

٤٢ - وه له محمدی کوڕی إبراهیم ەوه ووتی : (أبو قتادة رضي الله عنه دەردەچوو بۆ نوێژی جەژن جا تەکبیراتی دەکرد، وه زیکری الله عزَّوَجَل ی دەکرد هەتاوەکو دەگەیشتە نوێژگە) .

٤٣ - وه له نافعەوه کەوا عبد اللهی کوڕی عمر رضي الله عنهما : (تەکبیراتی دەکرد ڕۆژی جەژن هەتاوەکو دەگەیشتە نوێژگە، وه تەکبیراتی دەکرد هەتاوەکو ئیمام دەهات) .

٤٤ - وه له هیشامی کوڕی عوروه وه : (کەوا باوکی تەکبیراتی دەکرد ڕۆژی دوو جەژنەکە کاتێك دەردەچوو بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان) .

٤٥ - وه له هیشامی کوڕی عوروەوه : (کەوا باوکی ئەگەر بڕۆیشتبا بۆ نوێژی جەژن تەکبیراتی دەکرد) .

٤٦ - وه له محمدی کوڕی ئیسحاقەوه ووتی : (نافعی کوڕی جبیر م بینی تەکبیراتی دەکرد ڕۆژی جەژن وه دەیووت : الله أكبر الله أكبر، ئەی خەڵکینە تەکبیرات ناکەن؟) .

٤٧ - وه له نافع ەوه، له عبد اللهى كوڕى عمر ەوه رضي الله عنهما : (كەوا ئەو تەكبيراتى دەكرد بە دەنگى بەرز ڕۆژى جەژن كاتێك ڕۆیشتبا بۆ نوێژگە هەتاوەكو ئیمام دەهات جا تەكبیراتی دەكرد بە تەكبیراتی ئیمام) .

٤٨ - وه له عثیمی كوڕی نسطاسەوه ووتی : (سەعیدی كوڕی المسیب ئاوای دەكرد) .

: و اته وەكو ئەثەری ٤٧

٤٩ - وه له ئیبراهیمی كوڕی نشیطەوه ووتی : (بەكری كوڕی الأشج م بینی ئاوای دەكرد) .

٥٠ - وه له نافعەوه، له عبد اللهى كوڕى عمرەوه رضي الله عنهما : (كەوا ئەو ئەگەر دەرچووبا بۆ نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان تەكبیراتی دەكرد) .

٥١ - وه له نافعەوه، له عبد اللهى كوڕى عمر ەوه رضي الله عنهما : (كەوا ئەو تەكبیراتی دەكرد ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان هەتاوەكو دەگەیشتە نوێژگە) .

٥٢ - وه له ابن ابي ذئبه‌وه ووتی : (پرسیارم كرد له ابن شهاب الزهري له‌باره‌ی ته‌كبیرات كردن له شه‌وی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زان جا ووتی : ته‌كبیرات ڕۆژی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زانه، وه وازیهێنا له شه‌وی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زان) .

٥٣ - وه له زوهریه‌وه ووتی : (خه‌ڵكی ته‌كبیراتیان ده‌كرد كاتێك كه له ماڵه‌كانیان ده‌رده‌چوون هه‌تاوه‌كو ده‌گه‌یشتنه نوێژگه، هه‌تاوه‌كو ئیمام ده‌رده‌چوو، جا كاتێك ئیمام ده‌رده‌چوو ئه‌وا بێده‌نگ ده‌بوون، جا ئه‌گه‌ر ته‌كبیراتی كردبا ئه‌وا ته‌كبیراتیان ده‌كرد) .

٥٤ - وه له عبد الله ی كوڕی هیشامه‌وه كه‌وا : (ئه‌و گوێی له ته‌كبیراتی عمر ی كوڕی خطاب رضي الله عنه ده‌بوو وه ئه‌و ده‌ڕۆیشت له كۆڵانه‌كه‌وه، وه ئیمامی عمر ده‌ڕۆیشت له كۆتایی ڕۆژی جه‌ژن) .

٥٥ - وه له یزیدی كوڕی باوكی زیاده‌وه ووتی : (كه‌وا ئیبراهیم و عبد الرحمن ی كوڕی أبي لیلى و سعیدی كوڕی جبیر ئه‌گه‌ر هاتبان بۆ نوێژی جه‌ژن ته‌كبیراتیان ده‌كرد له ڕێگادا، جا كاتێك ده‌گه‌یشتن داده‌نیشتن، وه هیچ نوێژێكیان نه‌ده‌كرد نه له پێشی نه له پاشی) .

٥٦ - وه له یزیدی كوڕی باوكی زیاده‌وه ووتی : (عبد الرحمن ی كوڕی أبي لیلى و مجاهد و سعیدی كوڕی جبیرم بینی یان دوو له‌و سیانه، وه

ئەوانەی بینیومانن لە فەقیهەکانی خەڵکی لە دە ڕۆژەکە دەیانووت : الله أكبر، الله أكبر، لا اله الا الله، الله أكبر، الله أكبر ولله الحمد) .

٥٧ - وە لە یزیدی کوڕی باوکی زیادەوە ووتی : (دەرچووم لەگەڵ عبد الرحمن ی کوڕی أبي ليلى و سعيدی کوڕی جبير ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بۆ الجبانة، جا تەکبیراتیان دەکرد و فەرمانیان بە ئەوانەی چوار دەوریشیان دەکرد کەوا تەکبیرات بکەن) .

٥٨ - وە لە باوکی عبد الرحمن ـوە ووتی : (لە جەژنی ڕەمەزاندا زۆر توندتر بوون لە جەژنی قوربان .

وکيع ووتی : واتا لە تەکبیرات کردن .

محمدی کوڕی سعدون ووتی : ئەوە لەبەر ئەوەیە الله تعالى دەفەرمووێ : ﴿وَلِتُكْمِلُوا۟ ٱلْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [**البَقَرَة : ١٨٥**] .

٥٩ - وە لەجریر ـەوە ووتی : (هیچ شتێکم لە جعفری کوڕی محمد نەبیستووە، جگە لەوەی ئەوم بینی لەگەڵ عبد اللهی کوڕی حسن تەکبیراتیان دەکرد لە ڕۆژی جەژن، وە دەنگیان بەرزتر بوو بەسەر دەنگی خەڵکییەوە) .

٦٠ - وه له جرير ەوه ووتی : (عبد اللهى كوڕی حسن و جعفری كوڕی محمدم بینی تەكبیراتیان دەكرد له ڕۆژی جەژن، وه عبد اللهى كوڕی حسن دەنگی بەرزتر بوو بەسەر دەنگی خەڵكییەوه) .

٦١ - وه له عبید اللهى كوڕی كثیرەوه كەوا (زاذان دەردەچوو له ڕۆژی جەژن بەناو كۆڵانەكاندا دەڕۆیشت و تەكبیراتی دەكرد و زیكری الله عزَّوَجَل ی دەكرد هەتا دەگەیشتە نوێژگه و الجبانة) .

بابی : (٨)

دەربارەی ئەوەی ڕیوایەتکراوە کە وا پێغەمبەر ﷺ و أبو بكر و عمر رضي الله عنهما نوێژی جەژنیان دەکرد پێش ووتاردان

٦٢ - لە نافعەوە، لە عبد اللهی کوڕی عمر ەوە رضي الله عنهما کەوا (پێغەمبەر ﷺ، وە أبو بكر و عمر رضي الله عنهما نوێژی جەژنیان دەکرد پێش ووتاردان) .

٦٣ - وە لە عبد اللهی کوڕی عمر ەوە رضي الله عنهما لە پێغەمبەرەوە ﷺ : (لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان ڕمێکی لەبەردەمیدا جێگیر کردبوو بەو ئاڕاستەوە نوێژی دەکرد، وە ووتاری دەدا لە دوای نوێژەکە) .

٦٤ - وە لە ابن شهابەوە کەوا (پێغەمبەر ﷺ نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانی دەکرد پێش ووتاردان) .

٦٥ - وه له ماليك ـهوه كهوا پێی گهیشتووه كهوا : (أبو بكرى الصديق و عمرى كوڕى خطاب رضي الله عنهما بهو شێوهیان دهكرد) .

٦٦ - وه له ئهبو عبیدهوه مهولای ابن أزهر كهوا ووتی : (ئامادهی نوێژی جهژن بووم لهگهڵ عمرى كوڕى خطاب رضي الله عنه جا هات و نوێژی جهژنی كرد، پاشان ڕۆیشت ووتاری دا، جا فهرمووی : بێگومان ئهو دوو ڕۆژه پێغهمبهر ﷺ ڕێگری كردووه له به ڕۆژووبوون تیایاندا، ڕۆژی شكاندنی ڕۆژووهكانتان [جهژنی ڕهمهزان]، وه كۆتا ڕۆژ كه تیایدا له سهربڕاوهكانتان دهخۆن [جهژنی قوربان] .

ئهبو عبید ووتی : پاشان ئامادهی نوێژی جهژن بووم لهگهڵ عثمان ی كوڕی عفان رضي الله عنه جا هات و نوێژی جهژنی كرد، پاشان ڕۆیشت ووتاری دا .

جا فهرمووی : بێگومان كۆبووهتهوه بۆتان لهمڕۆدا دوو جهژن جا ههریهكێك له خهڵكی دهوروبهر پێی خۆشه بمێنێتهوه بۆ نوێژی ههینی ئهوا با چاوهڕێ بكات، وه ئهوهشی پێی خۆشه بگهڕێتهوه ئهوا ڕێگهم پێی دا **[واته دهتوانێ نوێژی ههینییهكه نهكات والله اعلم]** .

ئەبو عبيد ووتى : پاشان ئامادەى نوێژى جەژن بووم لەگەڵ علي كوڕى أبو طالب رضي الله عنه، وە عثمان ى كوڕى عفان رضي الله عنه لە ماڵەكەى خۆيدا دەورە درابوو، جا هات و نوێژى جەژنى كرد، پاشان ڕۆيشت ووتارى دا).

٦٧ - وە لە ئەبو عبيدەوە ووتى : ئامادەى نوێژى جەژن بووم لەگەڵ عمرى كوڕى خطاب رضي الله عنه جا دەستى كرد بە نوێژ پێش ووتاردان، پاشان ڕۆيشت ووتارى دا بۆ خەڵكى ، جا فەرمووى : بێگومان پێغەمبەر ﷺ ڕێگرى كردووە لە بە ڕۆژووبوونى ئەم دوو ڕۆژە وەفەرمووى : ڕۆژى جەژنى ڕەمەزان شكاندنى ڕۆژووەكانتانە، وە ئەمما ڕۆژى جەژنى قوربان ئەوا لە سەربڕاوەكانتان بخۆن .

پاشان ئامادەى نوێژى جەژن بووم لەگەڵ عثمان ى كوڕى عفان رضي الله عنه جا دەستى كرد بە نوێژ پێش ووتاردان، وە فەرمووى : بێگومان كۆبووەتەوە بۆتان لەمڕۆدا دوو جەژن جا هەريەكێك لە خەڵكى دەورووبەرە ئەوا ڕێگەماندا بڕوات، وە ئەوەى پێى خۆشە بمێنێتەوە بۆ نوێژى هەينى ئەوا با بمێنێتەوە .

وە ئامادەى نوێژى جەژن بووم لەگەڵ علي كوڕى أبو طالب رضي الله عنه، جا دەستى كرد بە نوێژ پێش ووتاردان .

٦٨ - وە لە ئەبو عبيدەوە مەولای عبد الرحمن کوڕی عوف کەوا ووتی : (ئامادەی نوێژی جەژنی قوربان بووم لەگەڵ عمری کوڕی خطاب رضي الله عنه جا هات دوای ئەوەی خەڵکی کۆبوونەوە، جا دەستی کرد بە نوێژ پێش ووتاردان، پاشان هەستا و سوپاس و ستایشی الله عزَّوَجَل ی کرد بەوەی کە شایەنیەتی، پاشان فەرمووی : أمّا بعد بێگومان، من بیستم رسول الله ﷺ ڕێگری دەکرد لە بە ڕۆژووبوونی ئەم دوو ڕۆژە : ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، ئەمما ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان ئەوا شکاندنی ڕۆژووەکانتانە وە جەژنە بۆ مسوڵمانان، وە ئەمما ڕۆژی جەژنی قوربان ئەوا لە سەربڕاوەکانتان بخۆن .

ئەبو عبید ووتی : پاشان ئامادەی نوێژی جەژنی ڕەمەزان بووم لەگەڵ عثمان ی کوڕی عفان رضي الله عنه، جا هات دوای ئەوەی خەڵکی کۆبوونەوە، جا دەستی کرد بە نوێژ پێش ووتاردان، پاشان هەستا و سوپاس و ستایشی الله عزَّوَجَل ی کرد بەوەی کە شایەنیەتی هەتا ئێرە متفق بوون، پاشان فەرمووی : أمّا بعد، بێگومان ئەمڕۆ ڕۆژی جەژنی قوربانە و ڕۆژی هەینیشە، وە ئەوانە دوو جەژنن کۆبووەنەتەوە بۆمسوڵمانان لەیەك ڕۆژدا، جا هەریەکێك لە خەڵکی دەوروەبەر پێی خۆشە زوو بگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی ئەوا ڕێگەمدا بڕوات، وە ئەوەی پێی خۆشە بمێنێتەوە بۆ نوێژی هەینی ئەوا با بمێنێتەوە) .

٦٩ - وه له ئه‌بو عبیده‌وه مه‌ولای عبد الرحمن كوڕی عوف كه‌وا (عمری كوڕی خطاب ی رضي الله عنه بینی كه جه‌ژنی قوربان بوو جا ده‌ستی كرد به نوێژ پێش ووتاردان، پاشان هه‌ستا دوای ئه‌وه‌ی نوێژی كرد، سوپاس و ستایشی الله تعالى ی كرد به‌وه‌ی كه شایه‌نیه‌تی، پاشان فه‌رمووی : أمّا بعد بێگومان، بێگومان رسول الله ﷺ ڕێگری كردووه له به ڕۆژووبوونی ئه‌م دوو ڕۆژه : ڕۆژی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زان و جه‌ژنی قوربان، جا له سه‌ربڕاوه‌كانتان بخۆن .

وه ئه‌بو عبید ووتی : پاشان ئاماده‌ی نوێژی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زان بووم له‌گه‌ڵ عثمان ی كوڕی عفان رضي الله عنه له سه‌رده‌می خه‌لافه‌ته‌كه‌ی، جا ده‌ستی كرد به نوێژ پێش ووتاردان، پاشان هه‌ستا و سوپاس و ستایشی الله تعالى ی كرد به‌وه‌ی كه شایه‌نیه‌تی، پاشان فه‌رمووی : أمّا بعد، بێگومان ئه‌مڕۆ ڕۆژی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زانه و ڕۆژی هه‌ینیشه، وه ئه‌وانه دوو جه‌ژنن كۆبوونه‌ته‌وه بۆمسوڵمانان له‌یه‌ك ڕۆژدا، جا هه‌ریه‌كێك له خه‌ڵكی ده‌ورووبه‌ر پێی خۆشه بمێنێته‌وه تا له‌گه‌ڵ ئێمه ئاماده‌ی نوێژی هه‌ینی بێت، وه ئه‌وه‌ی پێیخۆشه زوو بگه‌ڕێته‌وه بۆ ناو خێزانه‌كه‌ی ئه‌وا ڕێگه‌مدا بڕوات) .

٧٠ - وه له عبد الله‌ی كوڕی عمر ـه‌وه رضي الله عنهما ووتی : بیستم رسول الله ﷺ فه‌رمووی : (لێی بخۆن تا سێ ڕۆژان) .

٧١ - وە لە ئەبو عبیدەوە مەولای عبد الرحمن ی کوڕی عوف رضي الله عنه کەوا ووتی : (ئامادەی نوێژی جەژنی قوربان بووم لەگەڵ عمری کوڕی خطاب رضي الله عنە، دەستی کرد بە نوێژ پێش ووتاردان، پاشان ووتی بیستم رسول الله ﷺ فەرمووی : ڕێگری دەکرد لە بە ڕۆژووبوونی ئەم دوو ڕۆژە، ئەمما ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان ئەوا شکاندنی ڕۆژووەکانتانە وە جەژنە بۆ مسوڵمانان، وە ئەمما ڕۆژی جەژنی قوربان ئەوا لە سەربڕاوەکانتان بخۆن) .

ئەبو عبید ووتی : پاشان ئامادەی نوێژی جەژنی ڕەمەزان بووم لەگەڵ عثمان ی کوڕی عفان رضي الله عنه لە ڕۆژی هەینی، دەستی کرد بە نوێژ پێش ووتاردان، پاشان فەرمووی : بێگومان ئەوانە دوو جەژنن کۆبوونەتەوە لەیەك ڕۆژدا، جا هەریەکێك لە خەڵکی دەوروبەر پێی خۆشە بمێنێتەوە لەگەڵمان تا ئامادەی نوێژی هەینی بێت با بیکات، وە ئەوەی پێی خۆشە زوو بگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەکەی ئەوا ڕێگەمدا بڕوات، با بیکات) .

٧٢ - وە لە ئەبو عبیدەوە مەولای عبد الرحمن ی کوڕی عوف کەوا ووتی : ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ عمری کوڕی خطاب رضي الله عنه، جا فەورموودەکەی گێڕایەوە هاوشێوەی فەرموودەی یزیدی کوڕی زریع لە معمر ەوە هەتاوەکو ووتەکەی : وە ئەوەی دەیەوێ ئامادەی نوێژی هەینی بێت لەگەڵمان با ئامادەبێت .

پاشان ئەبو عبید ووتی : پاشان ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ علي کوڕی ئەبو طالب رضي الله عنه، جا نوێژی کرد پێش ئەوەی ووتار بدات بەبێ بانگ و بێ قامەت، پاشان ووتاریدا، جا فەرمووی : ئەی خەڵکینە بێگومان رسول الله ﷺ ڕێگری کردووە لەوەی لە سەربڕاوەکانتان بخۆن دوای سێ ڕۆژ جا لێی مەخۆن دوای ئەوە) .

٧٣ - وە لە ئەبو عبیدەوە مەولای عبد الرحمن ی کوڕی عوف رضي الله عنه ووتی : (دوو جەژن کۆبوونەوە لە خەلافەتی عثمان ی کوڕی عفان رضي الله عنه، جا ئیمامی عثمان رضي الله عنه فەرمووی : ئەوەی پێی خۆشە لە خەڵکی دەوروبەر کەوا ئامادەی نوێژی هەینی بێت لەگەڵمان با ئامادەبێت، وە ئەوەی پێی خۆشە کەوا بڕواتەوە با بڕوات) .

وە ئامادەبووم لەگەڵ ئیمامی علي رضي الله عنه بۆ نوێژی جەژن لە کاتێکدا ئیمامی عثمان دەورەی ماڵەکەی درابوو، جا ئیمامی علي رضي الله عنه فەرمووی : رسول الله ﷺ فەرمووی : **حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمان کەوا لە سەربڕاوەکەی بخوات لەدوای سێ ڕۆژ** .

٧٤ - وە لە ئەبو عبیدەوە مەولای بنی أزهر ووتی : ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ عمر ی کوڕی خطاب رضي الله عنه، جا دەستی کرد بە نوێژ پێش ئەوەی ووتاربدات، پاشان ووتاریدا و فەرمووی : بێگومان رسول الله ﷺ

ڕێگری كردووه له به ڕۆژووبوونی ئه‌م دوو جه‌ژنه، ئه‌مما یه‌كه‌میان ڕۆژی شكاندنی ڕۆژووه‌كانتانه، وه ئه‌مما جه‌ژنه‌كه‌یترتان ڕۆژێكه تێیدا له سه‌ربڕاوه‌كانتان ده‌خۆن .

ئه‌بو عبید ووتی : پاشان ئاماده‌ی نوێژی جه‌ژن بووم له‌گه‌ڵ عثمان ی كوڕی عفان رضي الله عنه، ڕۆژی هه‌ینی بوو جا نوێژی كرد پێش ئه‌وه‌ی ووتاربدات، پاشان ووتاریدا بۆ خه‌ڵكی و فه‌رمووی : بێگومان ئه‌مه ڕۆژێكه دوو جه‌ژن كۆبووه‌ته‌وه بۆتان، جا هه‌ریه‌كێك له خه‌ڵكی ده‌ورووبه‌ر پێی خۆشه چاوه‌ڕێی نوێژی هه‌ینی بكات با چاوه‌ڕێ بكات، وه ئه‌وه‌ی پێیخۆشه زوو بگه‌ڕێته‌وه بۆ ناو خێزانه‌كه‌ی ئه‌وا با بگه‌ڕێته‌وه بێگومان ڕێگه‌مدا بڕوات .

ئه‌بو عبید ووتی : پاشان ئاماده‌بووم له‌گه‌ڵ ئیمامی علي رضي الله عنه بۆ نوێژی جه‌ژن له كاتێكدا ئیمامی عثمان رضي الله عنه ده‌وره‌ی ماڵه‌كه‌ی درابوو، جا نوێژی كرد پێش ئه‌وه‌ی ووتار بدات، پاشان فه‌رمووی : ئه‌ی خه‌ڵكینه بێگومان رسول الله ﷺ ڕێگری لێكردوون له سه‌ربڕاوه‌كانتان بخۆن له سه‌رووی سێ ڕۆژ جا لێی مه‌خۆن له‌دوای ئه‌و سێ ڕۆژه) .

٧٥ - وه له ئه‌بو عبیده‌وه مه‌ولای بنی أزهر ووتی : (ئاماده‌ی نوێژی جه‌ژن بووم له‌گه‌ڵ عمر ی كوڕی خطاب رضي الله عنه، جا ده‌ستی كرد به نوێژ پێش ئه‌وه‌ی ووتاربدات، پاشان ووتاریدا و فه‌رمووی : بێگومان رسول الله ﷺ ڕێگری كردووه له به ڕۆژووبوونی ئه‌م دوو جه‌ژنه، ئه‌مما یه‌كه‌میان ڕۆژی

شكاندنى ڕۆژووەكانتانە، وە ئەمما جەژنەكەيترتان ڕۆژێكە تێيدا لە سەربڕاوەكانتان دەخۆن .

ئەبو عبيد ووتى : پاشان ئامادەى نوێژى جەژن بووم لەگەڵ عثمان ى كوڕى عفان رضي الله عنە، ڕۆژى هەينى بوو جا نوێژى كرد پێش ئەوەى ووتاربدات، پاشان ووتاريدا بۆ خەڵكى و فەرمووى : بێگومان ئەمە ڕۆژێكە دوو جەژن كۆبووەتەوە بۆتان، جا هەريەكێك لە خەڵكى دەوروبەر پێى خۆشە چاوەڕێى نوێژى هەينى بكات با چاوەڕێ بكات، وە ئەوەى پێيخۆشە زوو بگەڕێتەوە بۆ ناو خێزانەكەى ئەوا بابگەڕێتەوە بێگومان ڕێگەمدا بڕوات .

ئەبو عبيد ووتى : پاشان ئامادەبووم لەگەڵ ئيمامى علي رضي الله عنە بۆ نوێژى جەژن لە كاتێكدا ئيمامى عثمان رضي الله عنە دەورەى ماڵەكەى درابوو، جا نوێژى كرد پێش ئەوەى ووتار بدات، پاشان فەرمووى : ئەى خەڵكينە بێگومان رسول الله ﷺ ڕێگرى لێكردوون لە سەربڕاوەكانتان بخۆن لە سەرووى سێ ڕۆژ) .

٧٦ - لە عبد الله ى كوڕى عباس ـەوە رضي الله عنهما فەرمووى : (ئامادەى نوێژى جەژن بووم لەگەڵ رسول الله ﷺ، وە لەگەڵ ئەبو بكر، وە لەگەڵ عمر رضي الله عنهما جا دەستيان كرد بە نوێژ پێش ووتاردان) .

٧٧ - له عبد الله ی كوڕی عباس ـهوه رضي الله عنهما فهرمووی : (ئامادهی نوێژی جهژن بووم لهگهڵ رسول الله ﷺ، وه لهگهڵ ئهبو بكر و عمر و عثمان رضي الله عنهم جا ههموویان دهستیان كرد به نوێژ پێش ووتاردان) .

٧٨ - وه له عبد الله ی كوڕی عباس ـهوه رضي الله عنهما كهوا (پێغهمبهر ﷺ نوێژی جهژنی بۆ كردن لهلای ماڵی كثیری كوڕی الصلت، جا نوێژی كرد پێش ئهوهی ووتار بدات، وه باسی هیچ بانگ و قامهتێكی نهكرد .

وه ئهگهر نزیكیم نهبوایه لهو نهمدهبینی لهبهر بچووكیم) .

٧٩ - وه له عبد اللهی كوڕی عباس ـهوه رضي الله عنهما فهرمووی : (شایهتی دهدهم كهوا رسول الله ﷺ نوێژی كرد پێش ووتاردان جا وا ههستی كرد كه دهنگی نهگهیشتووه به ئافرهتان، جا هاتن بۆ لای و هانیدان لهسهر بهخشین و خێركردن ئافرهتی وا ههبوو گواره و مستیلهكهی دهبهخشی، وه بیلالیش دهیخسته ناو پۆشاكهكهیهوه .

ووتی : جا دابهشیكرد بهسهر ههژارانی مسوڵمانانهوه) .

٨٠ - وه له عبد اللهی كوڕی عباس ـهوه رضي الله عنهما فهرمووی : (شایهتی دهدهم كهوا رسول الله ﷺ نوێژی كرد پێش ووتاردان جا وای بینی كه ئافرهتان ووتارهكهیان نهبیستووه، جا چوو بۆ لایان و بیلالیشی لهگهڵ

بوو، بیری خستنەوە و ئامۆژگاریكردن و فەرمانی پێكردن كەوا ببەخشن لە پێناو الله تعالى، تا وایلێهات گوارە و مستیلەكانیان دەخستە ناو پۆشاكی بیلالەوە رضي الله عنه).

٨١ - وە لە عبد اللهی كوڕی عباس ەوە رضي الله عنهما فەرمووی: (شایەتی دەدەم كەوا رسول الله ﷺ نوێژی كرد پێش ووتاردان، پاشان ووتاریدا جا وای بینی كە ئافرەتان ووتارەكەیان نەبیستووە، جا چوو بۆ لایان و بیلالیشی لەگەڵ بوو جلەكەی بڵاو كردبوویەوە، جا ئامۆژگاریكردن و فەرمانی پێكردن كەوا ببەخشن لە پێناو الله تعالى، تا وایلێهات ئافرەت فڕێی دەدا وە ئەیوب ئاماژەی كرد بۆ گوێ و ملی).

٨٢ - وە لە عبد اللهی كوڕی عباس وە رضي الله عنهما فەرمووی: (شایەتی دەدەم كەوا رسول الله ﷺ نوێژی كرد پێش ووتاردان جا وای بینی كە ئافرەتان ووتارەكەیان نەبیستووە، جا چوو بۆ لایان و الله عزَّوَجَل ی بیر خستنەوە و ئامۆژگاریكردن و فەرمانی پێكردن كەوا ببەخشن لە پێناو الله تعالى، وە بیلالیش پۆشاكەكەی بڵاو كردبووەوە، تا وایلێهات ئافرەت گوارە و مستیلەكانیان فڕێدەدایە ناو پۆشاكی بیلالەوە رضي الله عنه.

محمدی كوڕی سعودن ووتی: الخرص: گوارەی دەنكۆڵە).

٨٣ - وه له عطاء كهوا شايهتيدا بۆ عبد اللهى كوڕى عباس رضي الله عنهما وه عبد اللهى كوڕى عباس يش شايهتيدا بۆ رسول الله ﷺ كهوا (نوێژى كرد له ڕۆژى جهژن پاشان ووتاريدا بۆ ئافرهتان، پاشان فهرمانى پێكردن به خێركردن جا ئهوانيش فڕێيان دهدا [ئهو زێڕانهى كه دهيانبهخشى فڕێيان دهدا بۆ ناو پۆشاكێك) .

٨٤ - له جابرى كوڕى عبد اللهوه رضي الله عنهما ووتى : (رسول الله ﷺ ڕۆژى جهژنى ڕهمهزان دهستى دهكرد به نوێژ پێش ووتاردان، پاشان ووتاريدا بۆ خهڵكى، جا كاتێك تهواو بوو له ووتاردان هات بۆ لاى ئافرهتان و بيرى خستنهوه وه ئهو خۆى دابووه سهر دهستى بيلال رضي الله عنه وه بيلاليش جلهكهى فراوان كردبوو ئافرهتان سهدهقهكانيان دهخسته ناوى) .

٨٥ - وه له عطاء له عبد اللهى كوڕى عباسهوه رضي الله عنهما فهرمووى : (پێغهمبهرم ﷺ بينى وه ئهبو بكر و عمر يش رضي الله عنهما نوێژيان دهكرد پێش ووتاردان لههەر دوو جهژنهكه) .

وه به ههمان شێوه له عطاء له جابرهوه رضي الله عنه فهرمووى : نوێژى جهژنم كرد لهگهڵ رسول الله ﷺ پێش ووتاردان .

علي كوڕى نصر ووتى : ههموويان ڕيوايهتيان كردووه له عبد اللهى كوڕى عباس و جابرهوه رضي الله عنهم) .

٨٦ - وه له جابرەوه رضي الله عنه فەرمووی : (ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ رسول الله ﷺ جا دەستی كرد به نوێژ پێش ووتاردان بەبێ بانگ و قامەت) .

٨٧ - وه له جابرەوه رضي الله عنه فەرمووی : (ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ رسول الله ﷺ جا دەستی كرد به نوێژ پێش ووتاردان بەبێ بانگ و قامەت) .

٨٨ - وه له جابری كوڕی عبد الله رضي الله عنهما كەوا (نوێژی جەژنی كرد لەگەڵ رسول الله ﷺ بەبێ بانگ و قامەت دەستی كرد به نوێژ پێش ووتاردان وه ئەو خۆی دابووه سەر بیلال، پاشان چووه لای ئافرەتەكان، جا ئامۆژگاری كردن و بیری خستنەوه و فەرمووی : بەڕاستی ئێوه زۆربەی سووتەمەنی ئاگرن .

ئافرەتێك لەوان له ئافرەتەكانی دواوه هەستایەوه، ووتی : بۆچی ئەی رسول الله ﷺ ؟

فەرمووی : ئێوه زۆر گلەیی و سكاڵا دەكەن ، وه كوفرانەی نیعمەت دەكەن [واته پیاوەكانیان گەر یەك هەڵه بكات هەموو باشیەكانی لەبەرچاو نامێنێت] .

فەرمووی : جا ئافرەتەکان ملوانکە و هەنگوستیلەکانیان لەبەر دەکردەوە، دەیانبەخشی و دەیاندا بە بیلال رضي الله عنه) .

٨٩ - وە لە جابرەوە رضي الله عنه فەرمووی : (ئامادەی نوێژی جەژن بووم لەگەڵ رسول الله ﷺ لە ڕۆژی جەژن جا دەستی کرد بە نوێژ پێش ووتاردان بەبێ بانگ و قامەت، هەستاوە و خۆی دابووە سەر بیلال، جا سوپاس و ستایشی الله عزَّوَجَل ی کرد، وە ئامۆژگاری ئافرەتانی کرد و بیری خستنەوە و فەرمانی پێکردن بە ترسان لە الله تعالى، وە فەرمووی : ببەخشن .

وە باسی شتێك لە سزای دۆزەخی کرد، ئافرەتێك لەدواوەی ئافرەتەکان، کە ڕوومەتی ڕەش بوو، هەستایەوە و ووتی : ئەی رسول الله ﷺ ، بۆچی ؟

فەرمووی : لەبەر ئەوەی ئێوە زۆر گلەیی و سکاڵا دەکەن و کوفرانەی نیعمەت دەکەن .

فەرمووی : جا ئافرەتەکان زێڕ و گوارە و مستیلەکانیان لە خۆیان دەکردەوە و دەیانبەخشی و دەیانخستە ناو پۆشاکی بیلالەوە رضي الله عنه).

٩٠ - وە لە زیادی کوڕی علاقە و عبد الملك کوڕی عمیرەوە : کەوا (المغیرة ی کوڕی شوعبة رضي الله عنه ڕۆژی جەژن نوێژی کرد، پاشان ووتاریدا لە سەر ووشترەکەی) .

٩١ - وه له ئه‌بی سعیدی الخدرییه‌وه ضي الله عنه فه‌رمووی : (رسول الله ﷺ ڕۆژی جه‌ژن ووتاری بۆ داین له‌سه‌ر سوارییه‌که‌ی) .

٩٢ - وه له ئیمامی شه‌عبییه‌وه ووتی : (المغيرة ی کوڕی شوعبه‌م بینی نوێژی جه‌ژنی بۆ کردین له ڕۆژی جه‌ژن، ووتاریدا دوای ئه‌وه‌ی نوێژی کرد، به‌شێوه‌یه‌ک زۆرباش) .

٩٣ - وه له جابری کوڕی عبد الله رضي الله عنهما فه‌رمووی : (رسول الله ﷺ نوێژی جه‌ژنی بۆ کردین پێش ووتاردان به‌بێ بانگ و قامه‌ت) .

بابی : (٩)

دەربارەی ئەوەی ڕیوایەتکراوە لە تەکبیرەی ئیمام لە نوێژی جەژندا، وە چەند الله اکبر دەکات

٩٤ - لە دایکی ئیمانداارانەوە عائشة رضي الله عنها کە وا (رسول الله ﷺ تەکبیراتی دەکرد لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان لە ڕکعاتی یەکەمدا حەوت الله أکبر، وە لە دووەمدا پێنج الله أکبر) .

٩٥ - وە لە حفص ی کوڕی عمر ی کوڕی سعد القرظي کەوا (باوکی و مامەکانی هەواڵیان پێداوە لە باوکیەوە وە القرظ بانگبێژی ئەهلی قباء بووە جا ئیمامی عمر رضي الله عنه گواستوویەتیەوە کردوویەتی بە بانگبێژ : کەوا سوننەت وایە لە نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان ئیمام حەوت الله أکبر بکات لە ڕکعاتی یەکەم پێش خوێندنەوەی سوڕەتی فاتیحە، وە پێنج الله أکبر دەکات لە ڕکعاتی دووەمدا پێش خوێندنەوەی سوڕەتی فاتیحە) .

٩٦ - وە ابن شهابەوە ووتی : (سوننەتی تەکبیرات لە نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان ئەوەیە کە حەوت الله أکبر بکرێ لە ڕکعاتی یەکەمدا، پاشان فاتیحە دەخوێنێ لەگەڵ سورەتێك لە المفصل دەخوێنێت، وە پێنج الله أکبر دەکات لە ڕکعاتی دووەمدا پێش خوێندنەوەی قورئان، پاشان فاتیحە دەخوێنێ لەگەڵ سورەتێك لە المفصل) .

المفصل : بەهۆی ئەوەی بسملة دەخرێتە نێوان سورەتەکان، یانی کە سورەتەکەی تەواوکرد دێتە دوای ئەو، بۆیەش پێی دەوترێ (المفصل) .

جا المفصل سێ جۆری هەیە :

طوال المفصل : المفصل ی درێژ: لە سورەتی ق تاوەکو جزء عم .

الأوساط المفصل : لە جزء عم تاوەکو سورەتی الضحی .

قصار المفصل : لە سورەتی الضحی تاوەکو سورەتی الناس .

والله تعالی أعلم .

٩٧ - وە لە وەلیدی کوڕی مسلمة وە ووتی : (بە ئەوزاعیم ووت، چەند تەکبیرات دەکرێ لە نوێژی جەژندا؟

وتی : حەوت و پێنج .

بيستم زهري دەیووت : بێگومان سوننەت واهاتووە لە نوێژی جەژندا، کەوا حەوت الله أكبر بکرێ لە ڕکعاتی یەکەمدا پاشان قورئان دەخوێنێت، پاشان الله أكبر دەکات جا ركوع دەبات، پاشان سوجدە دەبات، پاشان هەڵدەستێتەوە جا پێنج الله أكبر دەکات، پاشان قورئان دەخوێنێ جا الله أكبر دەکات و سوجدە دەبات) .

٩٨ - وە ابن شهابەوە ووتی : (لەبارەی تەکبیرات لە نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان : دەست پێدەکات جا حەوت الله أكبر دەکات لە ڕکاعەتی یەکەمدا، پاشان سورەتێك لە المفصل دەخوێنێ، پاشان پێنج الله أكبر دەکات لە ڕکعاتی دووەمدا، پاشان سورەتێك لە المفصل دەخوێنێ) .

٩٩ - لە نافعەوە، کەوا بیستوویەتی لە أبو هريرة رضي الله عنه : (الله أكبر دەکرێ لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان لە سوجدەی یەکەم [مەبەست پێی ڕکعاتی یەکەمە والله اعلم]، حەوت جار و لە دووەم پێنج جار) .

١٠٠ - لە نافعەوە ووتی : (ئامادەی نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان بووم لەگەڵ أبو هريرة رضي الله عنه : جا الله أكبری کرد لە ڕکعاتی یەکەم حەوت جار پێش قورئان خوێندنەوە وە لە ڕکعاتی دووەم پێنج جار پێش قورئان خوێندنەوە) .

١٠١ - وه له نافعەوه، كەوا (أبو هريرة رضي الله عنه مەروانی كوڕی حكم لەدوايەوه بوو : جا نوێژی هەردوو جەژنەكەی بۆ كردن جا حەوت الله أكبری كرد له ڕكاعەتی يەكەمدا، پاشان قورئانی خوێند و الله أكبری كرد، پاشان هەستا و جا پێنج الله أكبری كرد، پاشان قورئانی خوێند و الله أكبری كرد) .

١٠٢ - وه له نافعەوه ووتی : (نوێژی جەژنم كرد لەدوای أبو هريرة رضي اله عنه، جا حەوت الله أكبری كرد له ڕكعاتی يەكەمدا وه له ڕكعاتی دووەم پێنج جار هەموويان پێش قورئان خوێندنەوه) .

١٠٣ - وه له نافعەوه، له أبو هريرەوه رضي الله عنه كەوا (ئەبو هريره رضي الله عنه دوازده الله أكبری دەكرد له دوو جەژنەكه حەوتيان له ڕكعاتی يەكەمدا وه پێنجيان له ڕكعاتی دووەم هەموويان پێش قورئان خوێندنەوه) .

١٠٤ - له نافعەوه، كەوا بيستوويەتی له أبو هريرة رضي الله عنه : (الله أكبر دەكرێ له نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان له سوجدەی يەكەم، حەوت جار و له دووەم پێنج جار) .

١٠٥ - وه له ئه‌بو يونس ـه‌وه ووتى : (أبو هريرەم بينى تەكبيراتى دەكرد له نوێژى جەژنى ڕەمەزان و قوربان، له ڕكعاتى يەكەم حەوت جار و له دووەم پێنج جار) .

١٠٦ - وه له عمرى كوڕى عبد العزيزەوه كەوا (ئەو تەكبيراتى دەكرد له نوێژى جەژنى ڕەمەزان و قوربان حەوت و پێنج، دەستى دەكرد به تەكبير كردن پێش خوێندنەوەى فاتيحه له هەردوو ڕكاعەتەكە) .

١٠٧ - وه له حريزەوه ووتى : (نوێژى دوو جەژنەكەم كرد لەگەڵ عمر ى كوڕى عبد العزيز : تەكبيراتى دەكرد له نێوياندا حەوت الله أكبر له ڕكعاتى يەكەم و پێنجيش له كۆتايى دەستى پێدەكرد جا الله أكبرى دەكرد، پاشان قورئانى دەخوێندەوه و ڕكوعى دەبرد، پاشان هەڵدەستا و جا الله أكبرى دەكرد، پاشان قورئانى دەخوێندەوه و ڕكوعى دەبرد) .

١٠٨ - له ثابتى كوڕى قيسەوه ووتى : (بيستم عمر ى كوڕى عبد العزيز : تەكبيراتى دەكرد له نوێژى دوو جەژنەكە، حەوت الله أكبر له ڕكعاتى يەكەم و پێنجيش له كۆتايى) .

١٠٩ - له وهيب ـه‌وه بۆى گێڕاينەوه عبيد اللهى كوڕى عمر ووتى : (ئەميرى ئەميرەكان نوێژى بۆ كردين له ڕۆژى جەژن، جا ئاوڕى داوه بۆلاى عبيد اللهى

كوڕی عمر جا پرسیاری لێكرد لەبارەی تەكبیراتەكان جا ووتی : حەوت تەكبیرات بكە لە ڕكعاتی یەكەم و پێنجیش لە كۆتایی، وە سوڕەتی جیاواز بخوێنە) .

عبید اللەی كوڕی عمر ووتی : ئەوە سوننەتە لای ئێمە .

وە وهیب ووتی : یحیى ی كوڕی سعید ووتی : ئەوە سوننەتە لای ئێمە .

١١٠ - وە لە عبید اللەوە ووتی : (ئەمیرێك لە خەڵكی شام هات بۆ لامان، جا كاتێك ویستی نوێژ بكات تەكبیراتی لێ تێكچوو، جا ئاوڕی داوە بۆ لای عبید اللەی كوڕی عبد اللەی كوڕی عمر رضي الله عنهما، وە منیش لەگەڵی بووم، جا ووتی تەكبیراتی نوێژی جەژن چۆنە ئەی عبید الله؟

ووتی : حەوت تەكبیرات لە ڕكعاتی یەكەم و پێنجیش لە كۆتایی .

هاوشێوەی ووتەی أبو هريرة رضي الله عنه) .

١١١ - وە لە محمدی كوڕی هلالەوە ووتی : (بیستم لە فەرمانبەرێك كە لەسەر مەدینە بوو ڕۆژی جەژن لە نوێژگە دەیووت : بێگومان پێویستە لەسەر پیاو كە پرسیار لە خەڵكی شارەكە بكات ئەگەر سوننەتێكی نەزانی، جا سوننەتەكەتان چۆنە؟

جا سالم ووتی : حەوت تەکبیرات بکە لە ڕکعاتی یەکەم، وە سوڕەتی سبح اسم ربك الأعلى تێدا بخوێنە وە پێنج تەکبیرات بکە لە کۆتایی) .

١١٢ - وە لە بردەوە ووتی : (مکحول لە نوێژی دوو جەژنەکە : حەوت الله أکبری دەکرد، پاشان قورئانی دەخوێندەوە، پاشان پێنج الله أکبری دەکرد و پاشان قورئانی دەخوێندەوە) .

١١٣ - لە ابن شهابەوە ووتی : (سوننەت لە نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان ئەوەیە کە ئیمام و ئەوانەی لە دوایەوەن حەوت الله أکبر دەکەن لە ڕکعاتی یەکەمدا پێش قورئان خوێندنەوە، پاشان فاتیحە دەخوێنێ لەگەڵ سوڕەتێك لە المفصل، وە پێنج الله أکبر دەکات لە ڕکعاتی دووەمدا پێش خوێندنەوەی قورئان، پاشان فاتیحە دەخوێنێ لەگەڵ سوڕەتێک لە المفصل) .

١١٤ - وە لە عبد الله ی کوڕی عباس ەوە ووتی : (تەکبیرات لە دوو جەژنەکە سێزدەیە، حەوت و شەش) .

١١٥ - وە لە عطاء لە لبد اللهی کوڕی عباسەوە کەوا (تەکبیراتی دەکرد لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان سێزدە جار) .

١١٦ - وە لە عبد اللهی کوڕی عباسەوە رضي الله عنهما فەرمووی : (حەوت الله أکبر دەکرێ لە ڕکعاتی یەکەمدا بە الله أکبری دەست پێکردنەوە،

وه لە ڕكعاتی دووەمدا شەش جار بە الله أكبری چوونە ركوع هەموويان پێش قورئان خوێندنەوە) .

١١٧ - وه لە عبد اللهی كوڕی عباس ـەوه رضي الله عنهما فەرمووی : (تەكبیرات لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان ئەوەیە الله أكبر دەكات نوێژەكە دەست پێدەكات، پاشان شەش الله أكبر دەكات، پاشان قورئان دەخوێنێ، پاشان الله أكبر دەكات و ڕكوع دەبات، پاشان هەڵدەستێت و پێنج جار الله أكبر دەكات، پاشان قورئان دەخوێنێ، پاشان الله أكبر دەكات و ڕكوع دەبات) .

١١٨ - وه لە عبد اللهی كوڕی عباس ـەوه رضي الله عنهما كەوا (دوازده الله أكبری كرد لە نوێژی جەژن) .

١١٩ - وه لە عبد اللهی كوڕی عباس ـەوه رضي الله عنهما كەوا (سێزده تەكبیراتی دەكرد لە نوێژی دوو جەژنەكە، حەوتیان لە ڕكعاتی یەكەم و شەشیان لە ڕكاعەتی كۆتایی لە پاشاندا قورئانی دەخوێند) .

١٢٠ - وه لە معن ـەوه ووتی : مالكی كوڕی ئەنەس ووتی : (هەموو كەسێك لە پیاو و ئافرەت ئەگەر بیەوێت بۆ خۆی نوێژی دوو جەژنەكە بكات ئەوا من وایدەبینم حەوت الله أكبر بكات لە ڕكعاتی یەكەمدا پێش

قورئان خوێندنەوە، وە لە ڕکعاتی دووەمدا پێنج جار بە الله أکبر بکات پێش قورئان خوێندنەوە) .

١٢١ - وە لە لیث ـەوە ووتی : ربیعە ووتی : (تەکبیرات حەوتیان لە ڕکعاتی یەکەمە، وە پێینجیان لە ڕکعاتی دووەم ، وە بانگ و قامەتیشی تێدا نییە) .

١٢٢ - وە لە سعیدی کوڕی جبیر و مجاهدەوە رحمهما الله ووتیان : (تەکبیرات لە نوێژی جەژندا حەوت و پێنجە، سعید ووتی : لە ڕکعاتی یەکەمدا حەوت الله أکبر دەکات، پاشان قورئان دەخوێنێتەوە، پاشان هەڵدەستێتەوە بۆ ڕکعاتی دووەم و قورئان دەخوێنێتەوە، پاشان پێنج الله أکبر دەکات بە ڕکوعەوە) .

١٢٣ - وە لە خصیفەوە کەوا (عمری کوڕی عبد العزیز تەکبیراتی دەکرد لە دوو جەژنەکە حەوت جار و پێنج جار) .

١٢٤ - وە لە عمروی کوڕی شعیبەوە، لە باوکیەوە، لە باپیریەوە عبد اللهی کوڕی عمروی کوڕی عاص رضي الله عنهما ووتی : (رسول الله ﷺ حەوت الله أکبری کرد لە ڕکعاتی یەکەمدا لە نوێژی جەژن، پاشان قورئانی خوێندەوە، پاشان الله أکبری کرد و چووە ڕکوع، پاشان سوجدەی برد،

پاشان هەستایەوە و پێنج الله أكبری کرد، پاشان قورئانی خوێندەوە، پاشان الله أكبری کرد و چووە ڕکوع، پاشان سوجدەی برد) .

١٢٥ - وە لە وەلیدەوە ووتی : ووتم بە ئەوزاعی : ئایا دەستم بەرز بکەمەوە وەکو تەکبیرەی نوێژ ؟

ووتی : بەڵێ، دەستت بەرز بکەوە لەهەر هەموویان) .

١٢٦ - وە ولید ووتی : پرسیارم کرد لە مالکی کوڕی ئەنەس لەوبارەوە ووتی : (بەڵێ دەستت بەرز بکەوە لەگەڵ هەموو الله أكبر ێك، وە هیچ شتێکم نەبیستووە تێیدا) .

بابی : (١٠)

قورئان خوێندنەوە لە نوێژی جەژن

١٢٧ - وە لە عبيد اللهی كوڕی عبد اللهی كوڕی عتبەی كوڕی مسعود كەوا عمری كوڕی خطاب رضي الله عنه پرسیاری كرد لە ئەبو واقدی لیثی : رسول الله چی دەخوێند لە نوێژی جەژنی قوربان و ڕەمەزان؟

ووتی : سوڕەتی ﴿قٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ﴾ و ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ﴾ی دەخوێند .

١٢٨ - وە لە ئەبو كینانەی قوڕەیشی ووتی : (كاتێك ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان هات دەرچووین لەگەڵ ئەبو موسی ئەشعەری رضي الله عنه جا ڕیزمان بەست لەدوای ئەو، پاشان ڕووی كردە قیبلە و چوار الله أكبری كرد، یەك بەدوای یەك نەیكرد، پاشان ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾ ی خوێند، پاشان الله أكبری پێنجەمی كرد، پاشان ڕكوعی برد، پاشان هەستایەوە بۆ ڕكعاتی دووەم و فاتیحە و ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ و ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ ی خوێند، پاشان

سێ الله أكبری كرد، پاشان الله أكبری چوارەمی كرد و چووە ڕكوع، كاتێك نوێژی تەواو كرد چووە سەر مینبەر ڕووی كردە ئێمە، سەلامی كرد و پاشان ووتی : (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِلْإِسْلَامِ، وَجَعَلَهُ دِينًا وَمَنّ عَلَيْنَا بِمُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَجَعَلْنَا فِي خَيْرِ الْأُمَمِ وَأَلْزَمَنَا كَلِمَةَ التَّقْوَى، وَالْعُرْوَةَ الْوُثْقَى، وَجَنَّبَنَا عِبَادَةَ الطَّوَاغِيتِ وَالْأَصْنَامِ وَالسُّجُودِ لِلشَّمْسِ وَالْقَمَرِ)، پاشان شەش الله أكبری كرد بەئیخلاص و تەواویەوە، پاشان حەوتەم جار ووتی الله أكبر على ما هدانا، پاشان ئەو ئایەتانەی خوێندەوە لە سوڕەتی الأحزاب ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكۡرٗا كَثِيرٗا وَسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا هُوَ ٱلَّذِي يُصَلِّي عَلَيۡكُمۡ وَمَلَٰٓئِكَتُهُۥ﴾هەتاوەكو ووتەی ﴿وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا﴾، [**الأحزَاب : ٤٩**] .

پاشان شەش الله أكبری كرد بەئیخلاصەوە پاشان حەوتەم جار ووتی الله أكبر على ما هدانا، پاشان ئەو ئایەتانەی خوێندەوە لە سوڕەتی النحل ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ﴾ [**النحل : ٩٠**]، هەتاوەكو گەیشتە ﴿وَلَنَجۡزِيَنَّ ٱلَّذِينَ صَبَرُوٓاْ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ [**النَّحل : ٩٥**] .

پاشان شەش الله أكبری كرد بەئیخلاصەوە، حەوتەم جار ووتی الله أكبر على ما هدانا، پاشان خوێندیەوە ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ [**الإسراء : ٢٣**] هەتاوەكو گەیشتە ﴿مَلُومٗا مَّدۡحُورًا﴾، [**الإسْرَاء : ٣٩**] .

پاشان شەش الله أكبری كرد بەئیخلاصەوە، حەوتەم جار ووتی الله أكبر على ما هدانا پاشان خوێندیەوە ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ [**اللـَّيل : ١**] هەتاوەكو

گەیشتە کۆتایی سورەتەکە، پاشان خوێندیەوە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾ [البَقَرَة : ١٨٣]، هەتاوەکو گەیشتە ﴿عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾، [البَقَرَة : ١٨٥] .

پاشان ووتی : بەڕاستی ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە دوعا تێیدا ڕەتناکرێتەوە بۆیە نیازەکانتان بەرز بکەنەوە بۆلای الله تعالى وە داوای پێویستییەکانتانی لێبکەن .

وە هەر دوو دەستی بەرزکردەوە لە گوێکانی تێنەدەپەڕین، پاشان دوعای کرد، پاشان شەش الله أکبر ی کرد بە ئیخلاص و تەواویەوە، حەوتەم جار ووتی الله أکبر على ما هدانا، پاشان ووتی : سوپاسی الله تعالى دەکەم وەکو چۆن سوپاسی خۆی کردووە لە کتابەکەی، چونکە بێگومان ئەو سوپاس و ستایشی خۆی کردووە لە هەشت شوێن لە حەوت سوڕەت .

جا یەکەم ئایەتی سوڕەتی الأنعام ی خوێندەوە وە کۆتا ئایەت لە سوڕەتی بني إسرائيل جا کاتێك خوێندیەوە ﴿وكَبِّرْهُ تَكْبِيراً﴾ [الإسراء : ١١١] دەنگی بەرز کردەوە پاشان ووتی الله أکبر لەسەر ئەوەی هیدایەتیداین، پاشان سەرەتای سوڕەتی الكهف ی خوێندەوە هەتاوەکو گەیشتە : ﴿مَّٰكِثِينَ فِيهِ أَبَدٗا﴾ [الكهف : ٣] .

پاشان ووتی : یا الله بمانگێڕە لەیەکێك لەوانە، پاشان ئەو ئایەتەی سورەتی النمل ی خوێندەوە ﴿قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [النَّمْل : ٥٩] .

پاشان ووتی : بەڵکو الله تعالی گەورەتر و بەرزترە، پاشان ئەو ئایەتی کۆتایی سورەتی النمل ی خوێندەوە ﴿وَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعْرِفُونَهَا ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ [النَّمْل : ٩٣] .

پاشان یەکەم ئایەتی سورەتی سبأ و الملائكة ی خوێندەوە، پاشان خوێندیەوە ﴿فَلِلَّهِ ٱلْحَمْدُ رَبِّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَرَبِّ ٱلْأَرْضِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ [الجاثِية : ٣٦] هەتاوەکو تەواویکرد .

پاشان ووتی : ئا بەو شێوەیە سوپاس و ستایشی خۆی کردووە جا سوپاس و ستایشی بکەن وەکو سوپاسی سوپاسکاران وە بەباشترین شێوە ستایشی بکەن، وە زۆر زیکر و یادی بکەن، زۆر زیکر و یادی بکەن .

پاشان هەر دوو دەستی بەرزکردەوە لە گوێکانی تێنەدەپەڕین، پاشان دوعای کرد، پاشان سوپاسی الله تعالی ی کرد و صەڵاواتیدا لەسەر پێغەمبەر وە دوعای کرد بۆ خەلیفەی ئیمانداران، پاشان دووبارە دەستی بەزر کردەوە و پاڕایەوە، پاشان سوپاسی الله تعالی ی کرد لەسەر ئەوەی کۆبوونەتەوە بۆی وە بۆ ئەوەی کۆبوونەتەوە بۆی، وە فرمانی پێکردن کەوا داوا بکەن بۆ دونیایان و دوارۆژیان، وە هەواڵی پێدان کەوا ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کەوا پاڕانەوە

تێیدا ڕەتناکرێتەوە، ووتی : زیکر و یادی الله عزَّوَجَل بکەن ئەویش یادتان دەکات، پاشان دابەزی .

جا کاتێك ڕۆژی جەژنی قوربان هات هەمان شتی پێکردینەوە هاوشێوەی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان لە قورئان خوێندنەوەی ناو نوێژ و تەکبیرات وە ئەو حەمدەی کە کردی لە سەرەتای ووتارەکەی لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان، پاشان شەش الله أکبری کرد بەگەورەیی و ئیخلاصەوە، الله أکبر الله أکبر، وە حەوتەم جار ووتی الله أکبر على ما هدانا پاشان ئەو ئایەتانەی خوێندەوە لە سورەتی الأنعام ﴿قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ﴾ **[الأنعَام : ١٥١]** هەتاوەکو گەیشتە ﴿سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ﴾ **[الأنعَام : ١٥٧]** .

پاشان شەش الله أکبری کرد بەئیخلاص و گەورەییەوە و حەوتەم جار ووتی الله أکبر على ما هدانا، پاشان کۆتاییەکانی سورەتی النحل ی خوێندەوە ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ **[النَّحل : ١٢٠]** هەتاوەکو سورەتەکەی تەواو کرد .

پاشان شەش الله أکبری کرد بە ئیخلاصی و ملکەچی و حەوتەم جار ووتی الله أکبر على ما هدانا، پاشان خوێندیەوە ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي جَعَلَ فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا﴾ **[الفُرْقان : ٦١]** هەتاوەکو سورەتەکەی تەواو کرد، پاشان شەش الله أکبری کرد بە ئیخلاصی و حەوتەم جار ووتی الله أکبر على ما هدانا، پاشان

له سورەتی الحج ی خوێندەوە ﴿وَإِذۡ بَوَّأۡنَا لِإِبۡرَٰهِيمَ مَكَانَ ٱلۡبَيۡتِ أَن لَّا تُشۡرِكۡ بِي شَيۡـٔٗا﴾ [الحَج : ٢٦] هەتاوەكو گەیشتە ﴿فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ﴾ [الحَج : ٣٦] ووتی : پاکی بۆ الله تعالی لە شیرك و خیانەت، هەتاوەکو گەیشتە ﴿وَبَشِّرِ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ [الحَج : ٣٧] پاشان خوێندیەوە ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾ [اللـَّيل : ١] هەتاوەكو سورەتەكەی تەواو كرد،

پاشان ووتی : ئەمڕۆ ڕۆژی حەجی گەورەیە وە ئەو ڕۆژانە نۆ ڕۆژە زانراوەكەن كە الله عزَّوَجَل باسی كردوون لە قورئان، پاڕانەوە ڕەتناكرێتەوە تێیاندا وە ئەوە ڕۆژی حەجی گەورەیە وە دوای ئەو سێ ڕۆژە دیاریكراوەكەن كە الله عزَّوَجَل باسیكردوون لە قورئان، دوعا ڕەتناكرێتەوە تێیاندا بۆیە نیازەكانتان بەرز بكەنەوە بۆلای الله تعالی وە داوای پێویستییەكانتانی لێبكەن، جا هەر دوو دەستی بەرزكردەوە لە گوێكانی تێنەدەپەڕین، پاشان دوعای كرد .

پاشان شەش الله أكبری كرد بە ئیخلاصی، حەوتەم جار ووتی الله أكبر علی ما هدانا، پاشان باسی ئەو سوپاس و حەمدانەی كرد كە لە كۆتایی نوێژی جەژنی ڕەمەزان خوێندیەوە، سوپاس و ستایشی الله تعالی دەكەم وەكو چۆن سوپاس و ستایشی خۆی كردووە لە حەوت سورەت و لە هەشت ئایەت، هەتاوەكو تەواو بوو لە ووتارەكەی وەكو جەژنی ڕەمەزان بە گشتی.

١٢٩ - وه له معن ـهوه ووتى : ئيمامى مالك و ابن ابي ذئب ووتيان : (ئيمام له ڕۆژى جەژن به تەكبيرات دەست پێدەكات كاتێك چووه سەر مينبەر) .

١٣٠ - وه له معن ـهوه ووتى : ٠ پرسيارم كرد له ئيمامى مالك : ئايا ئيمام تەكبيرات دەكات كاتێك له نێوان دوو وتاردانەكه دانيشت له نوێژى جەژندا ؟

ووتى : وايدەبينم ئەوه باش بێت) .

١٣١ - وه عبيد اللهى كوڕى عبد اللهى كوڕى عتبەى كوڕى مسعود كەوا ووتى : (بەڕاستى ئيمام تەكبيرات دەكات له ڕۆژى جەژنى ڕەمەزان و قوربان حەوت الله أكبر كاتێك دادەنيشێت لەسەر مينبەر پێش ووتاردان كاتێك هەڵدەستێتەوه دوعا دەكات يان تەكبيرات دەكات ئەوەى بەلايەوه چاك بوو) .

١٣٢ - وه له معن ـهوه ووتى : (پرسيار كرا له ئيمامى مالك لەبارەى پياوێك نوێژ دەكات لەگەڵ ئيمام له ڕۆژى جەژنى ڕەمەزان، ئايا بۆى هەيه بڕوات پێش ئەوەى گوێ له ووتارەكه بگرێت ؟

ووتى : ناڕوات و ئەو شوێنه به جێناهێڵێت هەتاوەكو ئيمام دەڕوات .

١٣٣ - وه له معن ـهوه ووتی : ئیمامی مالك ووتی : (هەركەسێك الله أكبر یێكی نوێژی جەژن وازلێبهێنێ ئەوا دوو سوجدەی سەهو دەبات) .

١٣٤ - وه له معن ـهوه ووتی : (پرسیاركرا له ئیمامی مالك لەبارەی پیاوێك بینی كه خەڵكی تەواو بوونه له نوێژی جەژن : كەوا هیچ كێشەیەكی تیا نەبینی لەنوێژكردن له نوێژگه نەبێت یان له ماڵەكەی نەبێت، وه ئەگەر نوێژی كرد له نوێژگه یان له ماڵەكەی خۆی هیچ كێشەیەكی تێدا نەبینی، وه حەوت الله أكبر دەكات له ڕكاعەتی یەكەمدا پێش قورئان خوێندنەوه، وه پێنج الله أكبر دەكات له ڕكعاتی دووەمدا پێش قورئان خوێندنەوه) .

١٣٥ - وه له ولیده ـهوه ووتی : (پرسیارم كرد له ئیمامی مالكی كوڕی ئەنەس لەبارەی ئەوەی پیاوێك هاتووه بۆ نوێژی جەژن بەڵام بینی خەڵك تەواوبوونه له نوێژ، وه ئیمامیش تەواو بووه له وتار ووتی : دوو ڕكعات دەكات، پاشان ئەوه دەكات كه ئیمامەكەی كردی له تەكبیراتی نوێژی جەژن) .

١٣٦ - وه له ولیده ـوه ووتی : (پرسیارم كرد له ئیمامی ئەوزاعی، پێم ووت : هاتم بۆ نوێژی جەژن بینیم ئیمام تەواو بووه له نوێژ و ووتار دەدات .

جا ووتی : دانیشە بۆ ووتارەکەی، پاشان کە تەواو بوو لە ووتارەکەی هەستە و دوو ڕکعات بکە دەنگت بەرزمەکەرەوە لە خوێندنەوەت، وە تەکبیراتی نوێژی جەژن مەکە) .

١٣٧ - لە عبد اللهی کوڕی مسعودەوە رضي الله عنه ووتی : (ئەوەی نوێژی جەژنی لەدەست چوو با چوار ڕکعات بکات) .

بابی : (١١)

دەربارەی کاتێك دوو جەژن کۆدەبنەوە لە ڕۆژێکدا

١٣٨ - وە لە ئەبو هریرەوە رضي الله عنه، رسول الله ﷺ فەرمووی : (دوو جەژن کۆبووەتەوە بۆتان لەمڕۆدا، جا ئەوەی بیەوێ دەتوانێ جومعە نەکات، وە ئێمە کۆدەبینەوە بۆ نوێژی جومعە ان شاء الله) .

١٣٩ - وە لە عبد العزیزی کوڕی رفیع ەوە ووتی : (پرسیارم کرد لە خەڵکی مەدینە ووتم : رسول الله ﷺ دە ساڵ لەناو مەدینەدا بوو ئایا هیچ جارێك دوو جەژن کۆنەبووەتەوە لە ڕۆژێکدا ووتیان : بەڵێ .

هەستاوە و سوپاس و ستایشی الله عزَّوَجَل ی کرد و ووتی : بێگومان دوو چەژنتان بۆ کۆبووەتەوە وە بێگومان خێرتان پێکاوە و ئێمە نوێژی هەینی دەکەین، جا ئەوەی پێی خۆشە لەگەڵمان بێت بابێت، وە ئەوەشی پێی خۆشە دابنیشێت ئەوا با دابنیشێت) .

١٤٠ - له جه‌عفه‌ری كوڕی محمده‌وه، له باوكیه‌وه ووتی : (دوو جه‌ژن كۆبوویه‌وه له‌سه‌رده‌می ئیمامی علي رضي الله عنه جا فه‌رمووی : به‌ڕاستی ئه‌مڕۆ دوو جه‌ژن كۆبووه‌ته‌وه له ڕۆژێكدا، جا ئه‌وه‌ی پێی خۆشه جومعه بكات له‌گه‌ڵمان با بیكات، وه ئه‌وه‌ی ده‌یه‌وێ بڕوات ئه‌وا مۆڵه‌تی بۆ هه‌یه) .

١٤١ - وه له عطاء ـوه ووتی : (ڕۆژی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زان و ڕۆژی هه‌ینی كۆبوویه‌وه له سه‌رده‌می عبد الله‌ی كوڕی الزبیر رضي الله عنهما جا دوو ڕكعاتی كرد، جا ئه‌وه باسكرا بۆ عبد الله‌ی كوڕی عباس رضي الله عنهما ووتی : پێكاویه‌تی) .

١٤٢ - وه ئیبراهیمی كوڕی عقبه‌وه ووتی : (بیستم عمر ی كوڕی عبد العزیز ووتاری ده‌دا له‌ڕۆژێكدا كه دوو جه‌ژن كۆبووه‌وه تێیدا جا ووتی : ئا به‌م شێوه‌یه دوو جه‌ژن كۆبووه‌یه‌وه له‌سه‌رده‌می رسول الله ﷺ جا رسول الله ﷺ فه‌رمووی : (ئه‌وه‌ی له خه‌ڵكی ده‌وروو‌به‌ره پێی خۆشه ئاماده‌ی نوێژی جومعه بێت با ئاماده‌بێت، وه ئه‌وه‌ی داده‌نیشێت **[واته نایێت بۆ نوێژی جومعه]**، با دابنیشێت هیچی له‌سه‌ر نییه) .

بابی : (١٢)

ئەوەی ڕیوایەتکراوە کەوا نوێژی سوننەت نییە پێشی نوێژی جەژن و پاشی نوێژی جەژن لە ڕۆژی جەژندا

١٤٣ - وە لە عبد اللّٰەی کوڕی عباسەوە رضي الله عنهما کە وا : (رسول الله ﷺ دەرچوو ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان یان قوربان جا دوو ڕکعات نوێژی کرد، نوێژی نەکرد نە لەپێشیان وە نە لە پاشیان، پاشان هات بۆلای ئافرەتەکان و بیلالیش رضي الله عنه لەگەڵی بوو جا فەرمانی پێکردن بە خێرکردن، جا ئافرەتی واهەبوو بازنەکەی دەبەخشی و هەبوو ملوانکەکەی) .

١٤٤ - وە لە عبد اللّٰەی کوڕی عباسەوە رضي الله عنهما کەوا : (رسول الله ﷺ دەرچوو ڕۆژی جەژن جا دوو ڕکعات نوێژی کرد، نوێژی نەکرد نە لەپێشیان وە نە لە پاشیان، پاشان هات بۆلای ئافرەتەکان و فەرمانی پێکردن بە خێرکردن، جا ئافرەتی واهەبوو بازنەکەی دەبەخشی و هەبوو ملوانکەکەی) .

١٤٥ - وه له عبد اللهى كوڕى عباسهوه رضي الله عنهما كهوا : (رسول الله ﷺ دهرچوو ڕۆژى جهژنى قوربان جا دوو ڕكعات نوێژى كرد، نوێژى نهكرد نه لهپێشيان وه نه له پاشيان) .

١٤٦ - وه له نافعهوه له عبد اللهى كوڕى عمر ـهوه رضي الله عنهما : (ڕۆژى جهژنى ڕهمهزان نوێژى سوننهتى نهدهكرد نه لهپێشى نه لهپاشى نوێژى جهژن).

١٤٧ - وه له نافعهوه له عبد اللهى كوڕى عمر ـهوه رضي الله عنهما كهوا (ئهو نوێژى سوننهتى نهدهكرد له ڕۆژى جهژن نه لهپێشى نه لهپاشى نوێژى جهژن ههتاوهكو خۆرئاوا دهبێت) .

١٤٨ - وه له نافعهوه كهوا : (عبد اللهى كوڕى عمر رضي الله عنهما خۆى دهشۆرد بۆ نوێژى ههردوو جهژنهكه وه دهردهچوو بۆ نوێژ پێش ئهوهى نان بخوات، وه نوێژى سوننهتى نهدهكرد نه لهپێشى نه لهپاشى نوێژى جهژن) .

١٤٩ - وه له نافعهوه كهوا : (عبد اللهى كوڕى عمر رضي الله عنهما ڕۆژى جهژنى ڕهمهزان نوێژى سوننهتى نهدهكرد پێش ئهوهى له ماڵ دهربچێت بۆ نوێژگه وه نه دواى ئهوهى دهگهڕايهوه ههتاوهكو خۆرهكه دهگۆڕێت، وه خۆى دهشۆرد و بۆنى خۆشى له خۆيدهدا له ڕۆژى جهژنى ڕهمهزان) .

١٥٠ - وه له ابن شهابهوه له بارهى نوێژى جهژنى ڕهمهزان و قوربان ووتى : (بانگ و قامهتى تێدا نييه) .

١٥١ - وه له ابن شهابهوه ووتى : (پێمان نهگهيشتووه كهوا هيچ يهكێك له هاوهڵانى رسول الله ﷺ له ڕۆژى جهژنى ڕهمهزان و قوربان تهسبيحاتى كردبێت نه پێش نوێژى جهژن نه پاشى نوێژى جهژن، ئيللا مهگهر بهلاى مزگهوتى رسول الله ﷺ تێپهڕبن [وهستاون] بۆ تهسبيحات كردن) .

١٥٢ - وه له عمروى كوڕى شعيب هوه، له باوكييهوه، له باپيريهوه ووتى : رسول الله ﷺ فهرمووى : (نوێژى جهژن نوێژى سوننهت نييه نه له پێشى نه له پاشى) .

١٥٣ - وه له عمر ى كوڕى عبد العزيزهوه كهوا (ئهو تهسبيحاتى نهدهكرد پێش نوێژى دوو جهژنهكه وه نهله پاش نوێژهكان، وه تهكبيراتى دهكرد لهكاتى دهرچوون بۆ وتار و نوێژهكه بۆ ئهوهى كهس نوێژ نهكات له پێشيانهوه) .

١٥٤ - وه له سعدى كوڕى ئيسحاقهوه ووتى : (نوێژى جهژنم كرد، پاشان ڕۆيشتم دهمويست بچم بۆ مزگهوت، جا مامم پێى ووتم : دهتهوێت بۆ كوێ بچيت؟

جا ووتم : دەمەوێت بچم بۆ مزگەوت .

جا ووتی : ئەی کوڕی برام، بەڕاستی لەمرۆدا نوێژ نییە جگە لەو دوو ڕکعاتەکە نەبێت بێجگە لە نوێژە فەرزەکان) .

١٥٥ - وە لە سەعدی کوڕی ئیسحاقەوە، لە باوکییەوە، لە باپیرییەوە کعبی کوڕی عجرة رضي الله عنه فەرمووی : (بە باپیرم ووت دوای ئەوەی کە ئیمام لە نوێژی جەژن تەواو بوو : ئایا نەچین بۆ مزگەوت وەکو چۆن خەڵکی دەڕۆن بۆ مزگەوت؟

جا ووتی : ڕۆڵەکەم، ئەو دوو ڕکعاتە نوێژە بەسن بۆ تسبیحاتی ئەمرۆمان) .

١٥٦ - وە لە عبد الملکی کوڕی کعبی کوڕی عجرە ووتی : (ئامادەی یەکێك لە نوێژی دوو جەژنەکە بووم لەگەڵ کعب رضي الله عنە، ووتی : جا کاتێك نوێژ تەواوبوو زۆرێك لە خەڵکی ڕۆیشتن بۆ مزگەوت، بەڵام ئەوم بینی دەچوو بۆ ماڵەوە، ووتم : باوکە، ئایا ناڕۆی بۆ مزگەوت، چونکە من خەڵکی دەبینم بۆ ئەوێ دەچن، ووتی : بێگومان زۆرێك لەوانەی دەیانبینی نەزان و کەم عیلمن، بەڕاستی ئەو دوو ڕکعاتەی کردمان تەسبیحاتی ئەمڕۆمانە هەتاوەکو بۆ نوێژ بانگ دەکرێیت) .

١٥٧ - وە لە یزیدی کوڕی ئەبو عبیدەوە ووتی : (ڕۆژی جەژن دەرچووم بۆ ئەوەی هاوەڵێتی سلَمَة کوڕی الأکوع رضي الله عنه بکەم، جا ئامادەی نوێژی بەیانی بوو لەگەڵ ئیمام لە مزگەوتی رسول الله ﷺ، پاشان دەرچووین بۆ نوێژگە، پاشان گەڕاینەوە ماڵەکانمان، وە نە گەڕاینەوە بۆ مزگەوت) .

١٥٨ - وە لە یەزیدی کوڕی أبو عبیدەوە کەوا : (دەرچوو لەگەڵ سَلَمَة ی کوڕی الأکوع رضي الله عنه لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان یان قوربان، ووتی : من و ئەو ئامادەی نوێژی بەیانی بووین، پاشان چووین بۆ نوێژگە و نوێژمان کرد لەگەڵ ئیمام، پاشان سَلَمَة رضي الله عنه گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، وە نەگەڕایەوە بۆ مزگەوت هەتاوەکو ڕۆیشتین بۆ نوێژی نیوەڕۆ) .

١٥٩ - وە لە ئەنەسی کوڕی عیاض ـەوە ووتی، یەزیدی کوڕی أبو عبیدەوە ووتی : (سەلەمە رضي الله عنه ئامادەی نوێژی بەیانی بوو لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان وە منیش لەگەڵی بووم، پاشان ڕۆیشت بۆ نوێژگە، جا مایەوە هەتاوەکو ئیمام هات، پاشان ڕۆیشت و نەگەڕایەوە بۆ مزگەوت هەتاوەکو ڕۆیشت بۆ نوێژی نیوەڕۆ) .

١٦٠ - وە لە یەزیدی کوڕی ئەبو عوبەیدەوە ووتی : (نوێژی بەیانیم کرد لەگەڵ سَلَمة ی کوڕی الأکوع لە مزگەوتی رسول الله ﷺ، پاشان ڕۆیشت منیش ڕۆیشتم لەگەڵی هەتاوەکو گەیشتینە نوێژگە، جا دانیشت و منیش

دانیشتم لەگەڵی هەتاوەکو ئیمام هات، جا نوێژی کرد و هیچ نوێژێکی تری نەکرد نەلە پێشی نەلە پاشی، پاشان گەڕایەوەماڵەوە) .

١٦١ - وە لە هیشامی کوڕی عورەوە، لە باوکییەوە کەوا : (ڕۆژی جەژن دەردەچوو بۆ نوێژ جا منیش دەڕۆیشتم لەگەڵی جا دەهات بۆ مزگەوتی رسول الله ﷺ جا دەستی دەکرد بە نوێژ تێیدا، پاشان دەردەچوو نوێژی نەدەکرد نەلە پێشی نەلە پاشی هەتاوەکو دەهات بۆ مزگەوت جا کۆتایی پێدەهێنا) .

١٦٢ - وە لە هیشامی کوڕی عورەوە ووتی : (باوکم دەردەچوو لە ماڵ لە ڕۆژی جەژن جا تێدەپەڕی بەلای مزگەوتی رسول الله ﷺ نوێژی تێدا دەکرد، پاشان دەهات بۆ نوێژگە بەڵام نوێژی تێدا نەدەکرد، جا کاتێك عوروە نوێژی جەژنی دەکرد دەگەڕایەوە جا نوێژی دەکرد لە مزگەوتی رسول الله ﷺ بەو دەستی پێدەکرد، وە بەویش کۆتایی پێدەهێنا، پاشان دەگەڕایەوە ماڵەوە، وە لە هیچ کەسێکەوە نەزاندراوە نوێژ بکرێ لە نوێژگەی رسول الله ﷺ) .

١٦٣ - وە لە هیشامەوە ووتی : (کەوا باوکم کاتێك دەچوو بۆ نوێژگە، جا بەهەمان شێوە گێڕایەوە، وە ووتی : وە هیچ کەسێك نەبووە حەز بکات کەوا نوێژ بکات لە نوێژگەی رسول الله ﷺ پێش نوێژی جەژن و پاشی نوێژەکە) .

١٦٤ - وه له إسماعيل ـەوه، له الشعبي يەوه، ووتی : (دەرچووين لەگەڵی له ڕۆژی جەژندا بۆ جوبانه، نوێژی نەکرد له پێشی نەله پاشی نوێژی جەژن .

وه پیاوێکمان لەگەڵ بوو له الحيِّ، جا هەستا بۆ ئەوەی نوێژ بکات، عامر بەتوندی ڕێگری لێکرد) .

١٦٥ - وه له نافع ـەوه ووتی : (عبد اللهی کوڕی عمر رضي الله عنهما نوێژی نەدەکرد نەله پێش نەله پاش نوێژی جەژن) .

١٦٦ - وه له عامرەوه ووتی : (نوێژی جەژنم کرد لەگەڵ شريح جا نوێژی نەکرد له پێشی نەله پاشی، وه هاتم بۆ مەدینه و ئەوان کۆدەنگ بوون، جا هیچ یەکێکم نەدیت له فەقیهەکان نوێژ بکەن نه له پێشی نه له پاشی) .

١٦٧ - وه له عامرەوه ووتی : (له تەنیشت شريح بووم له ڕۆژی جەژن، جا نەمبینی نوێژ بکات له پێشی نەله پاشی، وه هاتم بۆ مەدینه و ئەوان کۆدەنگ بوون، ووتی : وەه هاتم بۆ مەدینه جا هیچ یەکێکم نەدیت له فەقیهەکان نوێژ بکەن لەپێشی نه له پاشی) .

١٦٨ - وه له سَلَمَة ی کوڕی نبيط ـەوه ووتی : (من و ضحاك نوێژمان کرد له ڕۆژی جەژن، جا کاتێك خەڵکی ڕۆیشتن، ئەویش ڕۆیشت، ووتی ووتم : ئایان نوێژ ناکەیت؟

ووتی : نوێژ نییه له پێش و پاشی نوێژی جەژن) .

١٦٩ - وه له سليماني تەیمییەوه ووتی : (ئەنەسی کوڕی مالك و جابری کوڕی زید و صفوان ی کوڕی محرز و سەعیدی کوڕی ئەبو الحسن م بینی نوێژیان دەکرد پێش دەرچوونی ئیمام له ڕۆژی جەژن .

١٧٠ - وه له إبراهیم ەوه ووتی : نوێژ نییه پێش دەرچوونی ئیمام بۆ نوێژ .

اللَّهُمْ اجْعَلْ عَمَلِي كُلَّهُ صَالِحَاً وَاجْعَلْهُ لِوَجْهِكَ خَالِصَاً وَلا تَجْعَلْ لِأَحَدٍ فِيهِ شَيْئَاً

والحمدلله حق حمده وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

پێڕست